زنجیرەی
نووسینی کوردی نوێ
و ژیاندنەوەی میراتی نەتەوایەتیمان
-٢-

# نووسینی کوردی
## بە لاتینی

بەهۆی ئەم نامیلکەیەوە بە ماوەیەکی کەم
فێری نووسینی زمانەکەی خۆت
ئەبیت بە تیپی
لاتینی

نرخی (١٠٠) فلس

چاپخانەی مەعارف - بەغدا
٢٥٦٩ک - ١٩٥٧ ف

زنجیرەی

نووسینی کوردی نوێ

و ژیاندنەوەی میراتی نەتەوایەتیان

- ٢ -

INSTITUT KURDE de PARIS
BIBLIOTHEQUE

# نووسینی کوردی

## بە لاتینی

بەهۆی ئەم نامیلکەیەوە

بە ماوەیەکی کەم

فێری نووسینی زمانەکەی خۆت ئەبیت

بە تیپی لاتینی

**چاپخانەی مەعارف ـ بەغدا**

**٢٥٦٩ ك ـــ ١٩٥٧ م**

# چەند ووشەیەکی پێویست

هاو نیشتمانی بە شەرەف :

دەمێکە بەو ئاواتەوەم ئێمەش وەك گەلە زیندووەکانی جیهان نووسینێکی رێکوپێك و ئەلفوبێیەکی یەك گرتووی بێ گرێ و گۆڵمان بێ و ئیتر لەم پاشا گەردانێی نووسین و هەرکەس بۆ خۆیە رزگارمان بێ . بەرراستی زۆر نەنگ و شوورەییە پیاو هەست بە ناتەواوی خۆی بکاو کەچی چاوی لێ داخاو لە بەرامبەریا دەستەوستان دانیشێ ، بۆ ئەوەی هەوڵێ بدا بۆ نەهێشتنی کەموکورتی و راست کردنەوەی بارچەوتی . ئیمڕۆ ئێمە ئەگەر سەرنجێکی سەرپێیی بدەینە ژیانی گەلەکەمان گەلێك کەلێن و بۆشایی تیا ئەبینین کە چاوەڕوانی پڕ- کردنەوەن . نەك لە رووی زمانەوە ، بەڵکوو لە هەموو سوو چو گۆشەیەکەوە . . . چە کۆمەڵایەتی - چە ئابووری - چە سیاسی - چە خوێندەواری . . . هەتاد ! دیارە چارکردنی ئەمانەش وەنەبێ لە ووزەی تاقە کەسێکدا بێ ؛ بەڵکوو پێویستی بە هەرەوەزێکی گشتلایی و تێکۆشانێکی تێکرایی هـــەیە . پیاوی دڵسۆزی تێگەیشتووش ئەوەیە بەر لەوەی دەست بداتە هەر ئیشێك هێزو دە- سەڵاتی خۆی لێك بداتەوەو بە تەرازووی بیرو هۆش بیکێشێ و ئەوحەلە بچێتە ئەو مەیدانەوە کە ئەتوانێ تیا رمبازێن بکات ، وەکە پێی نایە مەیدانەوە ئەبێ هەرگیز لە تاودان و خۆ پێش خستن پشتی ساردنەبێتەوە و بیرای بیرای کۆڵ نەدات تا ئاگانە قۆناغ ، ئەگەرچی کەندو

کۆسپی رێگەش جاروبار بیگلێنێ و بەرهەڵستی بکات .

هاونیشتمانی خۆشەویست :

تاقە سەرنجێکی پچکۆلە بۆمان دەرئەخا کە ئێمە لە هەمووشتێکدا دوا کەوتووین . بەڵێ ، لە هەموو شتێکا ... یەکێك لەو شتانە زمانە . جا کەواتە بام چاکی خەبات بکەین بەلاداو تێ بکۆشین لە پێناوی زیندوو کردنەوەی زمانەکەمان و یەك خستنی شێوەکانی و بژار کردنی و دانانی ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو بۆی .

زمان شتێکی کەم نیە ، چونکە گرنگترین هۆیەکە بۆ لە یەك گەیشتن و دەربرینی هەستی مرۆڤ . بۆیە شایانی خزمەت کردن و رێز لێ گرتنە . گەلە خوا پێداوەکان سالی بە ملیون دینار بەخت ئەکەن لەرێی پێش خستنی زمان و ئەدەبەکەیاناو بەسەدان کۆلێج و دانیشگای تایبەتی بۆ دروست ئەکەن و پسپۆرر و شارەزایانی لە هەموو لایەکی دنیاوە بۆ پەیدا ئەکەن ، بێجگە لەوەش پەیتا پەیتا پرروپاگەندەی بۆ ئەکەن ، بگرە رۆژەی هەزاران چاپکراوی پێ چاپ ئەکەن . تەنانەت یەکێك لە گۆڤارە ئەمەریکاییەکان نووسیبووی : « رۆژی (٢٠٠) هەزار چەشن چاپکراو بە زمانی ئینگلیزی دێتە بازاررەوە » . کەچی ئێمەش بە ناشکوری نەبێ ئەگەر لە ساڵێکا نامیلکەیەکمان بە هەزاران دەردی سەر بۆ پێك بهێنرێ ئەبێ لە کونو قوژبنی دوکانی کتێب فرۆشەکانا ببێتە خۆراکی مشکو مۆریان .

هیچ گومانی تیا نیە کە زمانەکەمان پاش کەوتووەو پێویستی

بە خزمەتە . جا یەکەمین هەنـگاو کە ئەبێ بینێین لەم رێـگەیەدا یەك خستنی شێوەکانیەتی بە جۆرێك هەموو کوردێك لەوی تر بگات ، بە پێچەوانەی ئێستەوە کە بەهۆی نەبوونی تێـکەڵی و کەمی خوێندەواری و بەر هەڵستی جوغرافیەوە ، شێوەکان بە جارێك لە یەك دوور کەوتووـ نەتەوە . دیارە پلەی یەکەم بۆ نزیك کردنەوەی ئەو شێوانە دانانی ئەلفوبێیەکی یەکتایە کە هەموو لایەکی کوردستان پێ‌ڕەوی بکات ، چونـکە ئەم تیـــپە عەرەبیانەی ئێستە بەکاریان ئەهێنین ئەگەرچی دەستـکاریش کرابن ، دیسان ناتوانن بمانگەیەننە ئەم ئەنجامە ، و هەر ئەم تیپانەن بوونەتە بەردی رێ گر لە بەردەممانا . جا هەرچەندە لێرەدا ناتوانم بە دوورو درێژی نا تەواوی تیپی عەرەبی بخەمە بەرچاو چونکە باسی والەمشوێنەدا جێی نابێتەوە ، بەڵـکوو پێویستی بە نامیلـکەیەکی تایبەتی هەیەکە بە هیوام لە دەرفەتێـکی ترا ئەوەش پێشکەش بە خوێندەـ واران بکەم ، بەلام ئەوەندە ئەڵێم لای رۆشن فیکرانو زمان ناسەکان ساغ بووەتەوە کە زمانێـکی ئاری هینـــدو ئەوروو پایی وەك زمانی کوردی بە تیپی کەمو کورتی عەرەبی نایەتە نووسین ، بەڵـکوو ئەبێ بە جۆرە تیپێـکی تر بنووسرێ کە پێی ئەوترێ تیپی لاتینی . هەر لەبەر ئەوەیە تێ گەیشتووانی کورد لە کۆنەوە بیریان لەتیپی لاتینی کردووەتەوە. ئەگەرچی بە داخەوە ئەیڵێم هەتا ئێستە لەسەر جۆرە تیپێـکی لاتینی برریار نەدراوە تا ببێتە بناغەیەکی توندو تۆڵ بۆ نووسینی کوردی و بڵاوبوو بێتەوە بە ناو گەلا . چونـکە ئەوانەی خەریکی ئەم کارەبوون پێـکەوە لەسەر شتێك رێك نەکەوتوون ، بەڵـکوو هەریەکە بۆخوی شتێـکی دروست کردووەو ویستوویـــەتی بە زۆری زۆر دارەکی

بیسەپێنێ بەسەر خـــەڵقیا .

وەك لە سەرەوە دەست نیشانمان کرد چەند چەشنێك ئەلفو بێی لاتینی هەیە بۆ زمانی کوردی لەمانە لاتینیەکەی [ میجەر سون(١) ] و [ تۆفیق وەهبی (٢) ] و [ محمد موکری (٣) ] و [ جەلادەت بەدرخان ] و [ کوردەکانی ئەریڤان ] . هەروەها هەندێك لەو رۆژهەڵات ناسانەی کەوادەستیان داوەتە فێربوونی زمانی کوردی هەریەکەیان جۆرە تیپێکی بە کەیفی خۆی داناوە بۆ زمانەکە .

هەرچەندە ایرەدا جێی ئەوەمان نیە بە دوورو درێژی یەك یەك باسیان بکەین و چاکیو خراپیان دەربخەین(٤) ، بەلام شتێکی ئاشکرایە

---

(١) « میجەر سۆن » یەکەم کەس بووە کە تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی داناوەو کتێبێکی بە ئینگلیزی لەم بابەتەوە نووسیوەتەوە لەژێر نـــاوی : Elementary Kurmanji Grammar By : Major E, B, Soane, C, B, E, Baghdad 1919
بەلام ئەم لاتینیە هەر شێوەی سلەیمانیو دەورو پشتی پێ ئەنووسرێ .

(٢) تۆفیق وەهبیش بۆ خۆی لاتینیەکی تایبەتی هەیە کە لە دانانیا گەلێك پێڕەوی نووسینی زمانی ئینگلیزی کردووە وەك لە کتێبەکەیا ( خوێندەواری باو ) دەرئەکەوێ .

(٣) ( محمد موکر )یش جۆرە تیپێکی لاتینی رێك خستووە بەلام نەك بەتایبەتی بۆ نووسینی کوردی بەڵکوو تەنها بۆ ئەوەی کتێبی ( گورانییان ترانەای کوردی ) پێ بنووسێتەوە .

(٤) ئەم دەمە تەقێ ولێ دوانە وەك لە سەرەوە باسم کرد بەنامیلکەیەکی تایبەتی پێشکەش ئەکەم .

باشترین ئەلفو بێی لاتینی ئەوەیە کە زوربەی زۆری خەڵقی پەسندیان کردبێ ولەنووسینا بەکاریان هێنابێ . دیارە ئەوەش ئەو لاتینیەیە کە برا کوردەکانی ( سوریة ) وهەندێك لە کوردەکانی ژێر دەستەی ( تورکیا ) بەدزیەوە بەکاری ئەهێنن . ئەو تیپانەش نزیکەی ( ٣٠ ) ساڵ لەمەوە بەر لەلایەن مامۆستاو زانای خوالێ خۆشی بووی کورد ( جەلادەت بەدرخان )ەوە پاش ( ١٣ ) ساڵ لێ کۆڵینەوە وخەریك بوون دانراوە ، وهەتا ئیمرۆ گەلێ گۆڤاری بەنرخی وەك ( هاوار ـ Hawar ) ، ( ستێر ـ Stêr ) ، ( رۆژانوو ـ Rojanû ) ، ( رووناهی ـ Rûnahî ) پێ دەرچوە ، وگەلێ نووسراو ونا ـ میلکەی نایابی پێ لەچاپ دراوە ، کەواتە لاتینیەکی زیندووە وهەقی ژیانی هەیە چونکە لەبەردەم توف وگەرداوی رۆژگارا خۆی راگر ـ تووەو شوێن پێی بۆ خۆی کردووەتەوە ، بۆیە ئێمەش کردمان بە بنچینەکی قایم ولەم ناميلکەیەدا بلاومان کردەوە تاوەکو کوردەکانی عێراق و ئێرانیش ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا بکەن وبەکاری بهێنن بۆ نووسین .

بەلام لەبەر ئەوەی هەندێك دەنگ هەبوون لە شێوەی سۆرانا تیپی تایبەتیان بۆ دانەنرابوو وەك ( رێی قەڵەو ـ ڕ )و ( لامی قەڵەو ـ ڵ ) ، ناچار بووم هەوڵ بدەم بۆ پڕ کردنەوەی ئەم کەلێنە ، وەبۆ ئەم ئەمانجە هاوینی رابوردوو کە بە شاماتێپەرر بووم بۆ ( لوبنان ) بە خزمەت زاناو شاعیری نیشتمان پەروەری نەتەوەی کورد جەنابی

(عثمان صبری)(١) گەیشتم وبەدوور و درێژی ئەم باسەم لەگەڵ کردەوە.
مامۆستای ناوبراو بەر لە هەموو شتێك هەستێـكی پیرۆزی نیشاندا بەرامبەر بەزمانی کوردی وفەرمووی : « ئێمە زۆر پێ ویستیان بە ئەکادیمیەك(٢)هەیە بۆ پاراستن وپێش‌خستنی زمانەکەمان ، وئەبێ ئەم ئەکادیمیە لە کوردە شارەزاکانی هەموو لایەکی کوردستان پێك هاتبێ تا بتوانین بەباشی باری کەوتووی زمانەکەمان راست بکەینەوە ؛ بەلام بەداخەوە ئەڵێم پێم وایە ئەو رۆژە نەختێ دوورە ، لەبەر ئەوە ئەبێ هەر کەسە لەئاستی خۆیەوە دڵسۆزانە چی لە دەست دێ درێخی نەکات » . دوایی وتی :« ئەم تیانەی کە ئێمە (کوردەکانی سوریە) بەکاری ئەهێنین بۆ نووسین کالای پرر بەبالای زمانەکمانە وهەموو لایەك پێی رازی بوون وجێی خۆی گرتووە ولە سنوورێـکی فراوانا بلاو بووەتەوە . لەبەر ئەوە دەست ئەدا بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی بەهێز وپتەو ، جا ئەگەر ئەو حـــەلە بەپێی پێویستی شێوەکانی تر دەستـکاریش بکرێ قەی ناکا » .

دوایی لەسەر ئەوە رێـك کەوتین کە (رێی قەڵەو ـ رِ) بەم

---

(١) عثمان صبری : یەکێـکە لەبرا کوردەکانی (دیار بەکر) بەلام ئێستە لەشام ئەژی . کوردێـکی هەتا بڵێیت تێ گەیشتوو زاناووردبین وکوڵ نەدەرە . گەلێك هەڵبەستەو نووسینی هەیە ، لەنووسراوە چاپکراوەکانی بەکوردی (ئەلفو بێی کوردی) و (باهۆز) .

(٢) ئەکادیمی ـ کۆرری زانیاری .

چەشنە ( R̈ ) و ( لامی قەڵەو ـ ڵ ) بەم چەشنە ( L̈ ) بنووسرێ(١) .
پاشان ووتارێکی دوور ودرێژم لەم بارەیەوە بەدەست خەتی خۆی لێ وەرگرت(٢) ، وبەگەڕرانەوەشم بۆ وولات دەست بەجی نووسراوێکم لەسەر ئەم باسە نووسیەوە و کردم بەدووبەشەوە : لەبەشی یەکەمیا بەسەر هات و گۆڕرانی نووسینی کوردیم خستە بەرچاو هەر لە خەتی شکستەی فارسیەوە تا ئیمرۆ وهەر لەم بەشەدا باسی هەموو جۆرە لاتینیەکانم کرد ویەك لەگەڵ یەك بەراوردم کردن . لەبەشی دووەمیـــا لەبارەی چۆنیەتی نووسینی کوردی لاتینیەوە دوام . بەڵام لەوچەندانەدا هەندێ تەگەرەی ناهەموار هاتەرڕێم وای لێ کردم پێم نەکرێ هەردو بەـ شـەکە لە بەرگێـکدا بەچاپ بگەیەنم . لەبەر ئەوە بەشی یەکەمم بەناچاری دواخست وبەشی دووەمیشم وا بەم نامیلـکەیە پێشکەش کرد . هیوام زۆر بەهێزەکە گەنجی خوێنـدەواری کورد بە پەرۆشەوە خەرێـکی بن بەست کردنی ئەم تیپانە بن وپشتی تی نەکەن . تـکای تایبەتیشم لەبرا مامۆستاکانی ئیبتدائیم ئەوەیە کەلەناو قوتابیەکانیانا وردە وردە دەست بەبڵاو کردنەوەی بکەن . هەروەها لەسەر کۆڤار ورۆژنامە کوردیەکانیش پێویستە کەلەپشت گیری کردن ویارمەتی

---

( ١ ) یەکەم جار ئەم دووتیپە بەو جۆرەی سەرەوە لە چاپخانەی کوردستانەوە بڵاو کراونەتەوە ، لەبەر ئەوە دەست لێ دانمان بە شتێـکی باش نەزانی ( نووسەر ) .

( ٢ ) وێنەیەکی ووتارەکە پاش ئەمسەرتایە بەزینـکۆغراف بەرچاو ئەکەوێ .

دانمان درێخی نەکەن تا کو ئەم هەنگاوەمان هەر بۆ پێشەوە برروات .

ئیتر هەر بژی هەولّ وتیّ کۆشانی هەمو خاوەن هەستێکی خاوێن لەپێ ناوی پێك هێنان و دامەزراندنی پاشە رۆژێکی خۆش و پرر لەکامەرانیا بۆ نەتەوەی کوردی بەشەرف :

کەرکوك : (٦)ی جۆخینان (٢٥٦٩)ی کوردی
رۆژی چوارشەمە : (٢٦)ی حوزەیران (١٩٥٧)ی فەررەنگی

« جەمال نەبەز »

de ji hatine nîşandan. Ji ber ku di her sê zaravayên mayî de tenê zirav tên axaftin me nexwest ku em guraşteyên wan têxin elifbaya yekta.

Em hêvîkarin ku roj were hin zanayên Kurd, an civatine zanistî kêmasiyên elifbaya Kurdî a yekta rast û tikûz bikin. 20 - 8 - 956

Osman

INSTITUT KURDE de PARIS
BIBLIOTHEQUE

— 2 ـسا

bi sê awan tên axaftin : zirav ر ، ڕ گیدی
guvaşte ڕ , sitür an qelew ڕ . Herçi
tîpa (r) tenê zirav û guvaşte te axaftin
û sitûra wê nîne.

| zirav | guvaşte | sitûr an qelew |
|---|---|---|
| r - dar | rr - pirr | ř - Poř |
| l - dil | ll - gulle | ľ - Koľ |
| n - nan | nn - genni | ——— |

Herçi tîpa (r) di pêşiya peyvê de hergav guvaşte an sitür û qelewe tucaran zirav nabe ji lewre ne hewce ye ku em bi (rr) ya guvaşte an (ř) ya qelew binivîsin., (r) ya zirav têr dike. Lê di nav û dawiya peyvê de, zirav guvaşte û sitûr te; ji lewre herweki tê axaftin divê bête nivîsandin.

Ji van pêve, tîpên (ç, k, p, t) di zaravayê Kurmancî de zirav û guvaşte tên axaftin, ku di elifbaya Kurdên Sovyatî

# Dİ WARE ELİFBAYEKE KURDÎ, (*) Û YEKTA DE

Ji bo ku em bikarin hemî dengên di zarê Kurdî de tikûz binivîsin, ji me re elifbayeke yekta divê. Elifbayên ku heya îro li hemî aliyên Kurdistanê cih cih hatine danîn gareyî zaravayên wan cihan bûye. Ji ber ku em Kurd hewceyî elifbayeke yektane û ji me re EKADEMÎ yek nine ku vê kêmiya han rake; dema mamoste CEMAL NEBEZ ji min xwest ku em bi hev re bingehê elifbayeke yekta daynin, tevî ber pirsiyariya zanistî min xwe jê neda paş. Ev e hemî dengên ku me di herçar zaravayên Kurdî de dîtin:

Tîpên bideng = a o û ê î u e i

Tîpên bêdeng = b c ç d f g h ḧ
j k l m n p q r
s ş t v ẅ x ẍ y z

Duçeng = wa we wê wî

Di zimanê Kurdî de tîpên ( ł ř ṙ )

(*) بیروباوەڕی زانای نیشتمانپەروەری کورد (علاء جبری) بەرامبەر بە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی.

# نووسینی کوردی بە لاتینی

## أ ـ ژمارەی تیپەکانی زمانی کوردی :ـ

لە زمانی کوردیدا ( ٣٥ ) تیپ بەکار ئەهێنرێ ، وا لێرەدا بەریزە لەگەڵ دەنگەکانیانا ئەیان نووسین .

| تیپ | دەنگ | تیپ | دەنگ | تیپ | دەنگ |
|---|---|---|---|---|---|
| a | آ | î | ئي | s | إسْ |
| b | بێ | j | ژێ | ş | إشْ |
| c | جێ | k | کاف | t | تێ |
| ç | چێ | l | إلْ | u | اُ |
| d | دێ | ï | إڵ | û | ئوو |
| e | ئە | m | إم | v | ڤێ |
| ê | ئێ | n | إنْ | w | وێ |
| f | فێ | o | ئۆ | x | خێ |
| g | گاف | p | پێ | ẍ | غێ |
| h | هێ | q | قێ | y | یێ |
| ḧ | حێ | ṛ | رێ | z | زێ |
| i | اُ | r̈ | ڕێ | | |

## ب ـ جۆری تیپەکانی زمانی کوردی(*) : ـــ

ئەم تیپانەی کەلە سەرەوە پیشانمان دان پێیان ئەوترێ تیپی گچکەی چاپ ، بێجگە لەمانەش جۆرە تیپێکی تر هەن هەر لەچاپ کردنا بەکار ئەهێنرێن پیان ئەوترێ تیپی گەورەیان ( کەپیتال ) . بەلاّم بۆ نووسین ئەم تیپانە بەکار ناهێنرێن ، بەڵکو دوو چەشنی تر هەن پیّ یان ئەنووسرێ . جا والێرەدا هەر چوار چەشنە کە بەپێی ریزی تیپەکان ئەخەینە بەرچاو .

### ١ ـ تیپی گچکەی چاپ :ـ

a b c ç d e ê f g h ḧ i î j k
l l̈ m n o p q r r̈ s ş t u û v
w x ẍ y z

### ٢ ـ تیپی گەورەی چاپ :ـ

A B C Ç D E Ê F G H Ḧ I Î J
K L L̈ M N O P Q R R̈ S Ş T U
Û V W X Ẍ Y Z

---

(*) تکالەو خوێندەوارە بەرێزانە ئەکەم کە شارەزای ئەلفو بێی ئینگلیزی نین زۆر بە ووردی سەرنجی ئەم دوو لاپەررەیە بدەن تابەتەواوی تیپەکان بناسنەوە . ئەوانەی ئاشنایەتیان لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا هەیە سووکە چاو پیاخشاندنێک بەسە بۆیان .

( نووسەر )

## ٣ - تیپی گچکەی نووسین : -

*a b c ç d e ê f g h ḧ i î j k l l̈ m n*
*o p q r r̈ s ş t u ü v w x ẍ y z*

## ٤ - تیپی گەورەی نووسین : -

*A B C Ç D E Ê F G H Ḧ I*
*Î J K L L̈ M N O P Q R*
*R̈ S Ş T U Û V W X Ẍ Y Z*

## ج - دەنگی تیپەکان وچۆنیەتی بەکار هێنانیان : - (*)

(١) [A-a] - آ - یەکەمین تیپی ئەلفوبێی کوردیە ولە جیاتی ئەلفی کراوە بەکار ئەهێنرێ ، دەنگەکەشی وەك دەنگی تیپی (ا) - ئەلف - ی عەرەبیە لەوو شەی ( سماء ) ، (ماء) ، ( هواء ) دا . هەروەهـــا دەنگی ( a ) - ئەی - ی ئینگلیزی لەووشەی

---

(*) وریا بوونەوە :- تیپەکانمان بەپێی ریزی ئەلفوبێی راستەقینەی کوردی نەنووسی ، بەڵکوو هەندێکیانمــان پاش وپێش خست ، تەنها بۆ ئەوەی ماوەی وێنە ( میسال ) هێنانەوەمان فراوانتر بێ ، ئینجا ئەوەی ئەیەوێ تیپەکان بەریزە لەبەر بکات تەماشای لاپەرەکانی پێشوو تر بکات .

( fan ـ فان ) ، ( man )دا لەکوردیشا ئەڵێیت( آ آ ) ـ(aa).

(٢) [ B-b ] ـ بێ ـ لە جیاتی تیپی ( ب ، بـ ، ـبـ ) ـ باء ـی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ ، دەنگەکەشی وەك دەنگی تیپی ( ب ) یە لەووشەی ( باب ) ، ( محراب )ی عەرەبیدا . هەروەها وەك دەنگی( b )ـ بی ـ ی ئینگلیزیەلەووشەی ( blue ـ بلوو ) ، ( comb ـ کۆمب ) دا . لە کوردیشا وەك ئەڵێیت ( بابا ـ baba ) ، ( ba ـ با ) .

(٣) [ C-c ] ـ جێ ـ لە جیاتی تیپی ( جـ ، ـجـ ، ج ) ـ جیم ـ ی عەرەبی بە لەووشەی ( جار ) ، ( حاج )دا ، هەروەها دەنگەکەی وەك دەنگی ( J ) ی ئینگلیزی وایە لەووشەی ( jump ـ جەمپ) ، ( jar ـ جار ) دا . بۆ وێنە لەکوردیا ئەڵێیت ( جا ـ ca ) ، ( bac ـ باج ) .

(٤) [ Ç-ç ] ـ چێ ـ لە جیاتی ( چـ ، ـچـ ، چ )ـ چیم ـ بەکار ئەهێنرێ . ئەم تیپە لە عەرەبیدا نیە ، بەڵام دەنگەکەی بەتەواوی وەك دەنگی ( ch )ی ئینگلیزی وایە لە ووشەی ( Church ـ چێرچ ) ، ( Children ـ چلدرن ) دا . بۆ وێنە لە کوردیدا ئەڵێیت ( ça ـ چا ) .

(٥) [ D-d ] ـ دێ ـ لەجیاتی ( د ، ـد ) ـدال ـی عەرەبی ـ بەکار ئەهێنرێ ، وەك ( کَـادَ ) ، ( دارْ ) . هەروەها لەجیاتی ( d )ی ئینگلیزیە لە ووشەی ( Door ـ دۆر ) ، ( Dish ـ دشْ )دا. لە کوردیشا ئەڵێیت ( dada ـ دادا ) . ( bada ـ بادا ) .

(٦) [ E - e ] ـ ئە ـ لە جیاتی ( سەر ـ فتحە )ی عەرەبی بەکار

ئەهێنرێ ، وەك دەنگی ( فتحە ـ َ ـ ) لە ووشەی ( كَـتَـبَ ـ كەتەبە ) ، ( ذَهَـبَ ـ ذەهەبە )دا . هەروەها دەنگی ( e ) ئینگلیزی لە ووشەی ( sister ـ سیستەر ) ، ( maker — مێكەر )دا ، دیسانەوە دەنگی ( u )ی ئینگلیزی لە ووشەی ( cup ـ كەپ ) ، ( Run ـ رەن )دا . لە كوردیشا ئەڵێت ( bed ـ بەد ) ، ( beçe ـ بەچە ) ، ( bade ـ بادە ) .

(٧) [ Ê – ê ] ـ ئێ ـ لە جیاتی ( یٚ ، یٚ ، یٚ ) ـ واتا ( یٚ )ی كراوە بە كار ئەهێنرێ وەك لە كوردیا ئەڵێت ( cê ـ جێ ) ، ( ebê ـ ئەبێ ) ، ( deçê ـ دەچێ ) . دەنگەكەی وەك دەنگی تیپی ( e ) ئینگلیزی وایە لە ووشەی ( get ـ گێت )، ( set ـ سێت ) . هەروەها دەنگی ( a )ی ئینگلیزی لەووشەی ( mistake ـ میستێك ) ، ( made ـ مێد )دا .

(٨) [ F – f ] ـ فێ ـ لە جیاتی ( ف ، ڧ ، ف ) ـ فاء ـ ی عەرەبی بە كار ئەهێنرێ ، وەك لە عەرەبیا ئەڵێت ( خَافَ ) ، ( فَاضَ ) . هەروەها دەنگەكەی وەك دەنگی ( f )ی ئینگلیزیش وایە لە ووشەی ( figure ـ فیگەر ) ، ( of ـ ئۆف )دا . لە كوردیشا ئەڵێت ( caf ـ جاف )، ( def ـ دەف ) ، (fê ـ فێ).

(٩) [ G – g ] ـ گاف ـ ئەم تیپە لەعەرەبیدانیە، بەڵام دەنگەكەی وەك دەنگی ( g )ی ئینگلیزی وایە لە ووشەی ( game - گێم ) ، ( bag ـ باگ )دا . لە كوردیشا ئەڵێت ( geç ـ گەچ ) ، ( beg ـ بەگ ) .

(١٠) [ H-h ]ـ هێ ـ لە جیاتی ( ه ، ﻬ ، ﻫ ، ﻪ )ـ هاءـ ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ ، وەك ئەڵێیت ( هـاج ـ hace ) ، ( وَهَبَ ـ wehebe ) هەروەها دەنـگی ( h ) ی ئینـگلیزی لەووشەی ( her ـ هەر ) ، ( hand ـ هاند )دا لە کوردیشا ئەڵێیت ( beha ـ بەها ) ، ( ah ـ آه ) ، ( ئەه ـ eh ) .

(١١) [ Ḧ - ḧ ] ـ حێ ـ لەجیاتی تیپی ( ﺣ ، ﺤ ، ح ) ـ حاء ـی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ ، وەك ئەڵێیت ( اجْحَفَ echefe ) ، فاحَ faḧe ) . ئەم تیپە لە ئینـگلیزیو زمانە ئاریەکانی ترانیە ، لە کوردیشا ئەڵێیت ( ḧec ـ حەج ) ، ( ḧa ـ حا ) ، ( ḧeb ـ حەب ) (*)

(١٢) [ J - j ] ـ ژێ ـ ئەم تیپە لە زمانی عەرەبیدا نیە ، بەڵام دەنـگەکەی وەك دەنـگی (Sure )ی ئینـگلیزی وایە لەووشەی measure ـ مێژەر ) ، یان دەنـگی ( J )ی فەرەنسی لەووشەی ( Journal ـ ژوورناڵ ) دا . لە کوردیشا ئەڵێیت

---

( * ) وەك ساخ بووەتەوە تیپی ( ح ) لە زمانی کوردیشا ( کە ـ زمانێکی ئاریە ) لەبنەڕەتا نەبووە ، بەڵکوو یان لەزمانی بێگانەوە وەبەزۆری لەعەرەبیەوە هاتووەتە ناوی وەك ئەڵێیت ( حەب ـ حب ) ، ( حاڵ ـ حال ) ، ( حازر ـ حاضر ) . یان لە گۆڕران ( تطور )ی دەنـگی تیپی ( آ ) ، ( ﻫ ) وە پەیدا بووە وەك ئەڵێیت ( لەو حەلەدا ـ لەو هەلەدا ) ، ( حیچ ـ هیچ ) ، ( حاستەم ـ آستەم ) .

( نووسەر )

( hêja ـ هێژا ) ، ( haje ـ هاژە ) ، ( çêj ـ چێژ ) .

(١٣) [K-k] ـ کاف ـ لە جیاتی تیپی ( ک ، ک ، ك ) ـ کاف ـ ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ ، وەك ئەڵێیت ( کَـادَ kade ) . هەروەها ( K ) ی ئینگلیزی لە ووشەی ( kite ـ کایت ) ، دیسان دەنگی ( C ) ـ ئینگلیزی لەووشەی (cup ـ کەپ )دا. لە کوردیشا ئەڵێیت ( kake ـ کاکە ) ، ( keç ـ کەچ ) ، ( kêk ـ کێك ) .

(١٤) [ L - l ] لامی سووك ـ إِلْ ـ ئەم تیپە لە جیاتی ( ا ، ﻟ ، ل ) ـ لام ـی عەرەبی سووك بەکار ئەهێنرێ ، دەنگەکەی وەك دەنگی(ل)یعەرەبیەلەووشەی(هَلْ ـ hel)،(حالْ ـ Hal)دا. هەروەها وەك دەنگی ( L )ی ئینگلیزی وایە لە ووشەی ( light ـ لایت ) ، ( play ـ پلێ )دا . لە کوردیشا ئەڵێیت ( kêl ـ کێل ) ، ( lak ـ لاك ) ، ( belek ـ بەلەك ) .

(١٥) [ L̈ - l̈ ] لامی قەڵەو ـ إڵ ـ لە جیاتی ( ڵ ، ڵ ، ڵ ) ـ لام المفخمة ـی عەرەبی بەکارئەهێنرێ ، دەنگەکەی وەك دەنگی لامی عەرەبی ( مفخم ) وایە لەووشەی ( الله )دا . هەروەها وەك دەنگی( l'l )ی ئینگلیزی وایە لە ووشەی ( ball ـ بۆڵ )، ( call ـ کۆڵ )دا . ئەم تیپە لە شێوەی کوردی باکووردا نیە چونکە هەموو لامێك بە سووکی دەر ئەبرردرێ (*) بۆ وێنە

---

( * ) فەیلەسووفو عەرەبی زانی بەناوبانگی کوردی دیار بەکری « یوسف ضیاءالدین پاشا الخالدی المخزومی » لە کتێبە بەناوبانگەکەیا =

لە کوردیدا ئەڵێت ( baïa - باڵا ) ، ( laï - لاڵ ) ، ( bêï - بێڵ ) .

(١٦) [ M - m ] - إمْ - لە جیاتی تیپی ( مـ ، ـمـ ، م ) - میم -ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ ، وەك ئەڵێت ( مَـکانْ - mekan ) ، هەروەها دەنـگەکەی وەك دەنـگی ( m )ی ئینـگلیزی وایە لە ووشەی ( man - مان )دا . لە کوردیشا ئەڵێت ( maï - ماڵ ) ، ( mam - مام ) .

(١٧) [ N - n ] - إن - لە جیاتی تیپی ( نـ ، ـنـ ، ن ) - نوون -ی عەرەبی بەکارئەهێنرێ ، وەك ئەڵێت ( نَال - nale ) . هەروەها لە جیـاتی ( n )ی ئینـگلیزیش بەکارئەبرێ وەك ئەڵێت ( and - ئەند ) . لە کوردیشا ئەڵێت ( nan - نان ) ، ( heng - هەنـگ ) .

(١٨) [ i - *i* ] - أ - ئەم تیپە پێی ئەووترێ ژێری کورت. دەنگەکەی لە بەینی ( ژێر ) و ( ي ) دایە . بە هیچ جۆرێك بە تیپی عەرەبی نایەتە نووسین ، بەڵام دەنـگەکەی وەك دەنـگی ( i )

---

= کەنزیکەی (٦٠) ساڵ لەمەوبەر لە «ئەستەموول» چاپکراوە بە ناوی ( الهدیة الحمیدیة فی اللغة الـکردیة )وەئەڵێ : دەنـگی ( ض )ی عەرەبی کە مەلاکانی کوردەواری وەك لامی قەڵەو ئەیخوێننەوە وەك ( ولا الضالین ) ئەکەن بە ( ولا اللاّلین ) ، و ( بعضهم ) ئەکەن بە ( بعڵهم ) ئەو (ض )ە عەرەبیە لە ( ڵ ) - لامی قەڵەوی - کوردیەوە وەرگیراوە .

« نووسەر »

ئینـگلیزی وایە لە ووشەی ( chin - چن ) « چ - ن » ، ( sin - سن ) « س - ن »دا . لە کوردیشا ئەڵێیت ( kil - کل)، ( Çile - چلە ). ( Cejin - جەژن)، ( deçim - دەچم ) . ئەم تیپە ( i ) لە سەرەتای ووشەو دوایی ووشەدا دەر نا کەوێ بەڵکوو هەمیشە ئەکەوێتە ناوەڕاستی ووشەوە .

(١٩) [ Î - î ] « ئی » دەنگی ئەم تیپە لە دەنگی تیپی ( ـِ )ی عەرەبی ئەچێ لە ووشەی ( حیرة ) ، ( سیرة )دا . هەروەها دەنگی ( ea )ی ئینـگلیزی لەووشەی ( heat - هیت ) ، (cheat - چیت )دا . دیسان ( ee )ی ئینـگلیزی لە ووشەی ( green - گرین ) ، ( see - سی )دا . بیجگە لەوەش دەنگەکەی بە تەواوەتی وەك دەنگی ( i )ی فەرەنسی وایە لە ووشەی ( livre - لیڤر )دا لە کوردیشا ئەڵێیت : ( Çî - چی ) ، ( bîbe - بیبە ) ، ( çimen - چیمەن ) ، (înca - ئینجا) .

(٢٠) [ O - o ] « ئۆ » لەجیاتی ( واوی کراوە ) «ۆ» بە کار ئەهێنرێ. دەنگەکەی وەك دەنگی ( o )ی ئینـگلیزی وایە لە ووشەی ( company - کۆمپانی ) ، ( bone - بۆن )دا . لە کوردیشا ئەڵێیت : ( of - ئۆف ) . ( bojo - بۆژۆ ) ، ( çon - چۆن ) .

(٢١) [ P - p ] « پێ » لە جیاتی تیپی ( پـ ، ـپـ ، پ ) بە کار ئەهێنرێ. ئەم تیپە لە زمانی عەرەبیدا نیە ، بەڵام لە زمانی فارسی و زمانە ئەورووپاییەکاندا دەست ئەکەوێ . دەنگەکەشی وەك دەنگی ( p )ی ئینـگلیزی وایە لە ووشەی ( Pen - پێن ) ،

( pound - پاوەند ) . لەکوردیشا ئەڵێیت : ( pîne - پینە )،
( لەپ - lep ) ، ( سۆپا - sopa ) .

(٢٢) [ Q - q ] « قێ » ئەم تیپە لە جیاتی تیپی ( ق ، ق ، ق ) «قاف»ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ ، لە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانیدا نیە ، بەڵام لەعەرەبیو فارسیو عیبرانیدا هەیە،دەنگەکەی وەك دەنگی ( قاف — ق ) ی عەرەبی وایە لە ووشەی ( قَال - Qale ) ، ( فاقَ - faqe ) . لەکوردیشدا ئەڵێیت :
( بەقاڵ - beqaï ) ، ( قەلەباچکە - Qelebaçke ) .

(٢٣) [ R - r ] « رێ » ( یان رێی سووك ) دەنگەکەی وەك دەنگی ( r ) ی ئینگلیزی وایە لە ووشەی ( curtain - کەرتێن ) ، ( perfect - پێرفێکت )دا . لەکوردیشا ئەڵێیت : ( دەرد - derd ) ، ( چارە - çare ) . ئەم تیپە لە سەرەتای هیچ ووشەیەکی کوردیەوە نایەت ، و ئەگەرهات ئەبێتە (رێی قەڵەو ) . چونکە کورد بەرێی سووك دەم ناکاتەوە .

(٢٤) [ R̈ - r̈ ] « ررێ » ( یان ررێی قەڵەو ) . دەنگەکەی وەك دەنگی تیپی ( r )ی ئینگلیزی وایە لە ووشەی ( رایَد — ride ) ، و تیپی ( rr ) لە ووشەی ( irrigation - ئیرریگێشن ) . لە کوردیشا ئەڵێیت : ( پەررۆ - per̈o ) ، ( بررۆ -bir̈o ) ، ( کەرر - ker̈ ) . جا لەبەر ئەوەی تیپی ( R̈ ، r̈ ) لە سەرەتای هەر ووشەیەکی کوردیدا بێ قەڵەوە و سووك نیە ، ئیتر پێویست ناکادوو نوختەی سەر ( R̈ )ە کە بێنێ وەك ( رۆژ ) ، ئاوا ئەنووسرێ ( roj ) ، نەك وا ( r̈oj ) .

هەروەها ( ڕەنگ ) ئاوا ئەنووسرێ ( reng ) ، نەك وا ( r̄eng ) .

(٢٥) [ S ـ s ] « إِسْ » لە جیاتی تیپی ( س ، سـ ، س ) « سین »ی عەرەبی بەکارئەهێنرێ . دەنگەکەی وەك دەنگی تیپی ( س )ی عەرەبی وایە لەووشەی ( سَفَرْ ـ sefer ) ، ( ناس ـ nas )دا ، لە کوردیشا ئەڵێیت ( بێ کەس ـ bêkes ) ، ( ئاسۆ ـ aso ) .

(٢٦) [ Ş ـ ş ] « إشْ » لە جیاتی تیپی ( شـ ، شـ ، ش ) « شین »ی عەرەبی بەکارئەهێنرێ . دەنگەکەی وەك دەنگی تیپی ( ش )ی عەرەبی وایە لە ووشەی ( شَرَفْ ـ şeref )دا . هەروەها وەك دەنگی (sch)ی ئەڵمانی لەووشەی ( gesellschaft ـ گێزەل‌ـ شافت)دا . لە کوردیشا ئەڵێیت : ( baş ـ باش ) ، ( şar ـ شار )، ( şekir ـ شەکر ) .

(٢٧) [ T ـ t ] « تێ » لە جیاتی تیپی ( ت ، تـ ، ت ) « تاء »ی عەرەبی بەکارئەهێنرێ . دەنگەکەی وەك دەنگی ( ت )ی عەرەبی وایە لە ووشەی ( تَمامْ ـ temam ) ، و ( t )ی ئینگلیزی لە ووشەی ( ستۆن - stone ) ، ( هۆسپیتاڵ - hospital ) دا . لەکوردیشا ئەڵێیت( ئیتر - îtir ) ، ( تێر ـ têr ) ، (سەربەست ـ serbest ) .

(٢٨) [ U ـ u ] « أُ » ئەم تیپە لە جیاتی ( واو )ێکی زۆر کورت بەکار ئەهێنرێ‌و بە هیچ جۆرێك بە تیپی عەرەبی نایەتە نووسین چونکە لە زمانی عـــەرەبی‌دا نیە ؛ وێنە بۆ ئەمە

لە کوردیدا ( kurd - کورد ) ، ( dujmin - دوژمن ) ،
( supas - سوپاس ) ، ( umêd - ئومێد ) .

(٢٩) [ Û - û ] « ئوو » ئەم تیپە لە جیاتی واوی درێژ بەکارئەهێنرێ وا تا ( وو ) . دەنگەکەی وەك دەنگی ( oo )ی ئینگلیزیە لە ووشەی ( spoon - سپوون ) ، ( room - رووم )دا . لە کوردیشا ئەڵێت : ( نووسین nûsîn - ) ، ( sûr - سوور ) ، ( kepû - کەپوو ) .

(٣٠) [ V - v ] - ڤێ - لەجیاتی تیپی ( ڤ ، ڨ ، ث ) بەکار ئەهێنرێ . ئەم تیپە لەزمانی عەرەبی دانیە ، بەڵام لە زمانی فارسی وزمانە ئاریەکانی تراهەیە . دەنگەکەی وەك دەنگی ( v ) ئینگلیزیوایە لەووشەی ( give - گیڤ ) ، ( violet - ڤایوڵێت )دا ، هەروەها وەك ( v ) فەرەنسیە لەووشەی ( vous - ڤوو ) ، ( avez - ئەڤێ ) دا ، لە کوردیشدا ئەڵێت : ( kovar - کۆڤار ) ، ( سوولاڤ - sûlav ) ، ( mirov - مرۆڤ ) . ئەم تیپە لە کوردی ( سۆرانا ) کەمە بەڵام لە کوردی باکوورا زۆرە چونکە گەلێ جار تیپی ( واو ) لە شیوەی سۆرانا ئەبێتە ( ڤ ) لە شێوەی باکوورا . وەك : ( Aw - ئاو ، ئەبێتە ( av - ئاڤ . ( نیو ) - nîw ، ئەبیتە ( نیڤ ) - nîv .

(٣١) [ W - w ] - وێ - لە جیاتی ( و ) - واو - ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ . وەك ئەڵێت ( wadî - وادی ) . هەروەها دەنگەکەی وەك دەنگی ( w ) ی ئینگلیزیە لەووشەی

( went - وێنت ) ، ( caw - کاو ) دا . لە کوردیشدا ئەڵێت : ( ورچ - wirç ) ، ( نەتەوە - netewe ) ، ( کەوتن - kewtin )

(٣٢) [ X - x ] - خێ - لەجیاتی ( خ ، خ ، خ ) - خاء - ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ . ئەم تیپە لە زمانی عەرەبی و فارسی و ئەڵەمانی و رووسی و یۆنانیدا هەیە ، بەڵام لە ئینگلیزی و فەرەنسی دا چنگ ناکەوێ . دەنگەکەی وەک دەنگی ( خ ) عەرەبی وایە لەووشەی ( خفق - xefeqe ) ، وەک دەنگی ( ch )ی ئەڵەمانی وایە لەووشەی ( nicht - نیخ ) ، ( machen - مەخن )دا . یۆنانیەکانیش لە جیاتی ( خ ) هەر ( x ) دا ئەنێن وەک کوردی . بۆ وێنە لە کوردیدا ئەڵێت ( خەرەفاو - xerefaw ) ، ( ئاخ - Ax ) ، ( خەفەت - xefet ) .

(٣٣) ( Ẍ - ẍ ) - غێ - (*) لە جیاتی ( غ ، غ ، غ ) - غین - ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ . لەزمانی عەرەبیدا هەیە وەک ئەڵێت ( غاب - ẍabe ) ، هەروەها لەفارسیشدا هەیە بەڵام لەئینگلیزیدا ئەم تیپە چنگ ناکەوێ ، لەفەرنسیشدا جاروبار تیپی

---

(*) ئەم تیپی ( غ - x )ە لەبنچینەی زمانی کوردیدا نەبووە بەڵکوو تیپی ( خ ) - ( x ) - گۆررانی بەسەرا هاتووە وبووە بە ( x - غ ) وەک ئەڵێت : ( خونچە - غونچە ) ، ( رەخنە - رەغنە ) چونکە دەنگی ( غ ) لەسەر زمان خۆشترو رەوانتر دێ وەک لە دەنگی ( خ ) .

« نووسەر »

( r ) وەك (غ) ئەخوێنرێتەوە وەك ووشەی ( le mare
اومێغ — لومێر ) . ئەم تیپی (غ)ە لە زمانی تورکیدا بە تیپی
( ğ ) نیشانە ئەکرێ وەك ئەڵێیت ( ئوغلوٚ ـ oğlü ) وێنە بوٚ
ئەم تیپە لە کوردیدا : ( غار ـ xar ) ، ( لغـاو ـ lixaw) ،
( لەغەم ـ lexem ) ، ( ناساغ ـ nasax ) .

(٣٤) [ Y ـ y ] « یێ » لە جیاتی ( یـ ، ـیـ ، ي ) « یاء »ی عەرەبی
بەکار ئەهێنرێ . دەنـگەکەی وەك دەنـگی تیپی ( یـ )ی
عەرەبی وایە لەووشەی ( یَقـولُ ـ yequlu ) دا . هەرووەها
وەك ( y ) ئینگلیزی وایە لەووشەی ( یەلوٚ ـ yellow ) ،
( یوٚنـگ ـ young )دا . لەکوردیشا ئەڵێیت : ( yek-
یەك ) ، ( یاری ـ yarî ) ، ( کەی ـ key ) . ئەم تیپە ( y )
( یێ ) کە بە تیپی عەرەبی ئەنووسرێ ، لەگەڵ تیپی « ێی »
« î » جیا نا کرێتەوە چونـکە لەعەرەبیا ( î ) ، ( y )
هەر دووکیان هەر (ی)یان بوٚ دا ئەنرێ وەك ئەڵێیت ( چیت ) ،
( یار ) . کەچی بەلاتینی ئەنووسرێ ( ـ çît ) ، ( yar ) .
هەر وەها ووشەی ( یاری ـ yarî ) یەکەم تیپی ( y ) یەو
دوا تیپی ( î ) یەکەچی کە بە تیپی عەرەبی ئەنووسرێ بوٚ
هەر دووکیان هەر ( یـ ، ی ) دائەنرێ .

(٣٥) [ Z ـ z ] « زێ » لەجیاتی « زاء »ی عەرەبی بەکار ئەهێنرێ .
دەنـگەکەی وەك دەنـگی ( ز ) ی عەرەبی وایە لەووشەی
( زانَ ـ zane ) ، دیسانوەك( z )ی ئینـگلیزیوایەلەووشەی .

( zinc - زینك ) ، ( lazy - لێزی )دا . له کوردیشا ئەڵێیت : ( زاخ - zax ) ، ( بارزان - barzan ) ، ( قاقەز - qaqez ) ، ( مەزن - mezin ) .

د - سەرنجێکی پێ ویست :-

ئەمانه ئەو تیپه بنچینەییانەبورن که له کوردیدا بەکار ئەهێنرێن بێجگه لەمانەش چەند شتێکی زۆر پێ ویست هەن کەوا ئێستە باسیان ئەکەین :

( ١ ) نووسینی هەمزه (الهمزة) :-هەمزه خۆی لەزمانی کوردیدا نیه، بەڵام هەندێ جار ووشەی بێگانه دێته زمانەکەمانەوه ناچارمان ئەکا بەنووسینی ( هەمزه ) ، لەبەر ئەوه ئێمه نیشانەی کۆما ( ' )ی ئینگلیزی بۆ دا ئەنێین (*)
بەوێنه :

تأمین ( تەأمین ) - te'mîn
مأموور ( مەأموور ) - me'mûr

هەندێ جاریش تیپی ( ع )ی عەرەبی که دێته ووشەیەکەوەو لەکوردیدا بەکاری ئەهێنین ، ناچارین هەر بەهەمزه ی نووسین ، چونکه تیپی (ع) له کوردیدا نیەو لەگۆڕینی ( تطور)ی ( e ) ، ( ê ) ، ( û ) ، ( î ) ، ( i ) ، ( u ) ، ( ü )وه هاتووه :

---

(*) ( توفیق وەهبي ) یش هەر ئەم تیپەی داناوه بۆ هەمزه ، وەك له کتیبی ( خوێندەواری باو ) دا دەری ئەخا .

بەوێنە :

عاسمان ، آسمان – asman

عینسان ، ئینسان ـ însan

عێلات ، ئێلات ـ êlat

جا لەبەرئەوە ئەگەر تیپی (ع) هاتەووشە یەکەوە بەم جۆرە ئەنووسرێ :

تەعمیر ، تعمیر – te'mîr

ئیستیعمال ، استعمال ـ îstî'mal

تەعتیل ، تعطیل – te'tîl

مەعلووم ، معلوم ـ me'lûm

(٢) ئەگەر شایەت تیپی (ث) ، (ص)ی عەرەبیان ویست بنووسین هەر وەکوو (س) ئەیان نووسین واتا تیپی ( S ) دا ئەنێین لە جیاتیان . خۆ ئەگەر هاتو ویستمان تیپی (ذ) ، (ض) ، (ز)ی عەرەبی بنووسین ئەبێ هەر (ز) یان لە جیاتی دابنێین واتا ( z ) ئەنووسین بۆ هەرسێکیان .

(٣) نووسینی گیرە (شدّة) :ـ گیرە بریتیە لەدوو بارەکردنەوەی تیپێك . بەتایبەتی بۆ ئەو ووشە عەرەبیانە بەکار ئەهێنرێ کەدێنە زمانەکەمانەوە .

وەك :

مادّة ، ماددە ـ madde

شدّة ، شیددەت ـ şîddet

INSTITUT KURDE de PARIS
BIBLIOTHEQUE

هەندێ ووشەی کوردیش هەن ئەتوانرێ ( گیرە ) یان تیا بەکار بهێنرێ :ـ

وەك :

cadde ـ جاددە

radde ـ راددە

teqqe ـ تەققە

gulle ـ گوللە

kulle ـ کوللە

( ٤ ) نووسینی ( ی ) « واتا ( ی ) درێژ » :ـ لە کوردیدا ( ی ) بەزۆری ئەکەوێتە دوایی ووشەوە وبە ( yî ) ئەنووسرێ :

وەك :

şayî شایی

serbexoyî سەربەخۆیی

duwayî دوایی

xořayî خۆڕایی

payîz پاییز

xêrayî خێرایی

( ٥ ) دوو چەنگەکان (*) :ـ هەندێ جار جۆرەو وشەیەك دێنە کوردیەوە کە دەنگێکی تایبەتیان ئەوێ :

وەك : خوێن ، شوێن ، نوێژ .

---

(*) دوو چەنگ بەو دەنگە ئەڵێن کە بە دوو تیپ دە ئەبرردرێ.

لە جیاتی ئەم دەنــگە ( وێ ) لە ئەڵمانی و تورکی دا تیپی ( ö ) دا ئەنرێ وەك ووشەی ( göre ـ گوێرە ) ، ( köroğlü ـ کوێر ئۆغلو )ی تورکی ـ ووشەی ( [illegible] ) ، ( [illegible] ) ئەڵمانی . هەروەها لەلاتینیەکەی ( تۆفیق وەهبی )دا ئەم ( ö ) بەناو براوە و ئەو ووشانەی سەرەوە بەم جۆرە نووسراون :

xön ـ خوێن

sön ـ شوێن

nöj ـ نوێژ

بەڵام زانا کوردەکانی ( سوریە ) بەم تیپە هیچ رازی نەبوون ، بۆ ئەوەش دوو بەڵــگەیان نیشان دا :ـ

( ١ ) ئەم دەنــگە ( ö ) تیپێك زیاد ئەکا لە زمانی کوردیدا کە ئەتوانرێ چـــارە بکرێ بە بەکارهێنانی دوو تیپی باو و هەر ئەو دەنــگەش بدا .

( ٢ ) ئەم دەنــگە ( ö ) وەنەبێ هەر لە شێوەی ( سورانا ) هەبێ بەڵــکوو لە شێوەی کوردی باکووریشدا هەر هەیە و ئێستە کوردەکانی سوریە ( wê ) دا ئەنێن لەجیاتی ، و ئەگەر بیتو ( ö ) دابنرێ لە جیاتی (wê ) سەریان لێ تێك ئەداو تەنــگوچەڵەمەیەکی نوێ دروست ئەکا .

لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو ووشانەی سەرەوە بەم جۆرە بنووسرێن :

xuwên ـ خوێن

şuwên ـ شوێن

nuwêj ـ نوێژ

کەواتە دەنگی ( ö ) ئەبێ بەدوو تیپ بنووسرێ ( wê ) ئەمەش پێی ئەووترێ ( دوو چەنگ ) . دوو چەنگێکی تریش لەزمانی کوردیدا هەیە ئەویش لەم ووشانەی خوارەوەدا دەر ئەکەوێ : ـ

زویر ـ ( زیزبوون ) بەشێوەی سلەیمانی .

سویر ـ ( سوور ) » »

دویر ـ ( دوور ) » »

ئەم دەنگەش وەك دەنگەکەی پێشوو پاش لێك دانەوەیەکی زۆرو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بەجوان نەزانرا تیپێکی تازەی بۆ دا بڕێژرێ وەك ( ŏ ) یان ( ō ) بەڵکوو وا بەچاك بینرا کە ئەویش بە دوو چەنگێك بنووسرێ ، ئەو دوو چەنگەش ( wî ) یە :

بەوێنە :

zuwîr زویر ـ

suwîr سویر ـ

duwîr دویر ـ

کەواتە دەنگی ( وێ ) بەدوو چەنگی ( wî ) ئەبێ بنووسرێ.

cejin-gel-lawin-dastan-lkpe
pûl-gul-yelkta

Bayan
Çîa
Tavge
Ta
Serbest
Soyname
Çiyârk
ehar

# مەشق — ١ —

## MEŞQ - 1 -

ئەم ووشانەی خوارەوە بە تیپی لاتینی بنووسە (*) .

باران . چیا . تاڤـگە . سەربەست . رۆژنامە . چیرۆك . بەهار .
جەژن . گـەل . لاوك . دارستان . کـڵپە . پوول . گوڵ . یەکتا .
فێربوون . ئێش . ئیش . تیپ . زگ . خەفەت . تەعقیب . پێ . ئێمە .
پەڕینەوە . حەل . گیان . پاکەت . کەپوو . قورس . غەریب . خێرا .
پەردە کوللە . تأریخ . کوێنـــدەرێ . پۆڕ . تأسیر . شوێنەوار .
کوردستان . قوێل . زەرد باو . پەڕە سێلـکە . میللەت .

baran. çiya. tavge. serbest. rojname. çîrok. behar. cejin. gel, lawik. daristan. kilpe. pûl. gul. yekta. fêrbûn. êş. îş. tîp. zig. xefet. te'qîb. pê. ême. peřînewe. hel. giyan. paket. kepû. qurs. ẍerîb. xêra. perdequlle. te'rîx. kuwênderê. poř. te'sîr. şuwênewar. kurdistan. quwîl. zerdbaw. peřesêlke. mîllet.

---

( * ) تکام لە خوێندەواری خۆشەویست ئەوەیە ئەم ووشانە لەبەر بنووسێتەوە ، پاشان لەگەڵ دامێنی خوارەوەدا بەرا ووردیان بکا بزانێ تا چە رادەیەك فێری بەکارهێنانی تیپەکان بووە .

# مەشق — ٢ —

## MEŞQ -2-

ئەم ووشە کوردیانەی خوارەوە لە تیپی لاتینیـــەوە بکە بە تیپی عەرەبی (*) .

rêgekeman. girtûxane. têgeyiştû. hera. hepulk. komel. parastin. şadimani. serinc. der be der. kul. roj baş. pêxawis. jiyan. şêt. tîke. înca. engo. êwe. xelûz. qelew. amanc. birîndar. pestî. çalakî. rast. xuwêrî. papûç. dêw. pare. nesrîn.

رێگەکەمان . گرتووخانە . تێگەیشتوو . هەرا . حەپولك . کۆمەڵ . پاراستن . شادمانی . سەرنج . دەر بەدەر . کول . رۆژباش . پێخاوس . ژیان . شێت . تیکە . ئینجا . ئەنگۆ . ئێوە . خەڵووز . قەڵەو . ئامانج . بریندار . پەستی . چالاکی . راست . خوێری . پەرز . پاپووج . دێو . پارە . نەسرین .

(ھ) تیپی بە دەنگ‌و بێ دەنگ (*) : ـ تیپی بە دەنگ ئەو تیپانەن کە دەنگەکانیان بە خۆیانەوەیەو لە خۆیەوە دەرئەکەوێ بێ یارمەتی دانی تیپێکی تری بێ دەنگ . لە زمانی کوردیا (٨) تیپی

---

(*) دیسانەوە تکا کەی پێشووم تازە ئەکەمەوە لە خوێندەواری خۆشەویست کە خۆی هەوڵ بدات ووشەکان لەبەر بنووسێتەوە ، ئینجا تەماشای دامێنی خوارەوە بکات .

(*) بە دەنگ = علة ، بێ دەنگ ( غیر علة ) .

بە دەنـگێ هەیەو ئەم بە دەنـگانە دوو جۆرن : ـ

١ ـ تیپی بە دەنـگی کورت : u, i, e .

٢ ـ » » درێژ : o, û, a, î, ê .

تیپی بێ دەنـگیش ئەو تیپانەن کە بەبێ یارمەتی تیپێـکی بە دەنـگێ دەنـگەکانیان دەرنا کەوێ . و بێجگە لەو (٨) تیپەی سەرەوە هەموو تیپەکانی تری زمانی کوردی بـێ دەنـگن :

( و ) إضافە کردن : ـ إضافەکردنی ووشەیەك بۆ ووشەیەکی تر لە کوردیدا بە چەند چەشنێك ئەبێ : ـ

١ ـ ئەگـەر دوا تیپی ووشەی ( مضاف ) بە دەنـگێبوو لە کاتی ( إضافە کردنا ) تیپی ( y ) دائەنێت لە بەینی (مضاف)و (مضاف الیە)دا یان تیپی ( y )یەکە بە جارێ ئەنووسێنێت بە ( مضاف )ەوە . وەك : ـ

| | |
|---|---|
| (a) çay seylan | چای سەیلان |
| (e) rojnamey jîn | رۆژنامەی ژین |
| (ê) pêy zil | پێی زل |
| (î) azadîy ziman | ئازادیی زمان |
| (o) hoy eme nazanim | هۆی ئەمە نازانم |
| (û) rûy sipî bê | رووی سپی بێ |

سەرنج : ـ

هیـچ ووشەیەکی وام نەدۆزیەوە کە تیپی دوایی ( i )یان ( u ) بێ بۆیە نموونەم بۆ نەهێنـــایەوە ئەگـەر شایەت هەبوو وەك ئەوانەی سەرەوە ئەنووسرێ .

( ٢ ) ئەگەر تیپی دوایی ووشەی ( مضاف ) بێ دەنگ بوو لەکاتی ( إضافه کردنا ) تیپی ( i ) دائەنرێ لە بەینی ( مضاف ) و ( مضاف الیه )دا یان ( i )یەکە هەر ئەنووسێنرێ . بە ( مضاف )ەوە .

وەك :ـ

| | |
|---|---|
| (b) kitêbî qutabîyeke | کتێبی قوتابیەکە |
| (r) kovarî hetaw | گۆڤاری هەتاو |
| (n) şîrînî henguwîn | شیرینی هەنگوین |
| (c) serincî êwe | سەرنجی ئێوە |
| (l) tepilî guwê | تەپلی گوێ |

( ٣ ) لەشێوەی باکوورا تیپی ( a ) بۆ ( اضافه کردن )ە لەکاتێکا ( مضاف ) مێ بێ ، ( ê ) بۆ ( اضافه کردنه ) لەکاتێکا ( مضاف ) نێر بێ :

وەك :

ماینامن mayina min ـ واتا ماینی من

، خوشکاتە xuşka te ـ واتا خوشکی تۆ

، برایێمن brayê min ـ واتا برای من

، کتێبێتە kitêbê te ـ کتێبی تۆ

( ٤ ) لە شێوەی سنەو کرماشانا هەندێ جار ( i ) بۆ اضافه داـ ئەنرێ وەك :ـ

be bani çaw بەبان چاو

keyifi xote کەیف خوتە

beçaw mirawi çoane
regeyrast bgre
urdêkî dilsoz

## مەشق — ٣ —

ئەم جوملانەی خوارەوە بەتیپی لاتینی بنووسە —

(١) رێگەی راست بگرە . (٢) کوردێکی دلسۆز بە .
(٣) بێچووی مراوی جوانە . (٤) ئاواتی گەل ئازادیە .
(٥) دوانزە سوارەی مەریوان کوردن . (٦) رزگاری تۆ نزیکە .
(٧) جێی من تەنگە . (٨) تای تەرازووەکە پانە . (٩) کوڵۆی
بەفرسپیە . (١٠) ئامانجی ئێمە پیرۆزە .

## MEŞQ -3-

(1) rêgey rast bigre. (2) kurdêkî dilsoz be. (3) bêçûy mirawî cuwane. (4) awatî gel azadîye. (5) duwanze suwarey merîwan kurdin. (6) rizgarî to nizîke. (7) cêy min tenge. (8) tay terazûweke pane. (3) kuloy befir sipîye. (10) amancî ême pîroze.

## MEŞQ -4-

ئەم جوملانەی خوارەوە لە تیپی لاتینیەوە بکە بە تیپی عەرەبی :—

1- dar-tûy baxeketan berze. 2. towî gul zore. 3- kerey naw meşkeke bihêne. 4- rêy kerkûk naxoşe. 5- aweroy gerekeke girawe. 6- seray şareke gewreye. 7- serbexoyî to be dest xote. 8- helway suleymanî nayabe. 9- mastî Hewlêr be nawbange. 10- kurdî diyarbekir azan.

## مەشق — ٤ —

(١) دار تووی باخەکەتان بەرزە . (٢) تۆوی گوڵ زۆرە .
(٣) کەرەی ناو مەشکەکە بهێنە . (٤) رێی کەرکووك ناخۆشە .

Dar tûy
Touy gul
naw meşkeke bhên

(٥) ئاوەرڕۆی گەورەکەکە گیراوە . (٦) سەرای شارەکە گەورەیە . (٧) سەر بەخۆیی تۆ بەدەست خۆتە . (٨) حەڵوای سولەیمانی نایابە . (٩) ماستی هەولێر بەناو بانگە . (١٠) کوردی دیار بەکر ئازان .

(ز) بەیەکەوە بەستن ( العطف ) :-

بۆ بەستنی دوو ووشەی کوردی بەیەکەوە دوو ڕێگە هەیە :

(١) ئەگەر تیپی ووشەی ( پێوە بەستراو ) بەدەنگ بوو لە حاڵەتی ( پێوەبەستنا ) تیپی ( w ) دا ئەنرێ لەبەین ( پێوەبەستراو ) و ( بەستراو ) دا :

وەك :

| | | |
|---|---|---|
| Kitêbeke w deftereke | کتێبەکەو دەفتەرەکە | e |
| suware w pîyade | سوارە وپیادە | |
| çaw mastaw | چاو ماستاو | a |
| azaw tirsinok | ئازاو ترسنۆك | |
| pê w dest | پێ ودەست | ê |
| sê w çuwar | سێ وچوار | |
| çû w hatewe | چوو وهاتەوە | û |
| tû w mêwij | توو و مێوژ | |
| latî w perêşanî | لاتی وپەرێشانی | î |
| azadî w serbestî | ئازادی وسەربەستی | |
| seko w qenefe | سەکۆ وقەنەفە | o |
| çeko w ĥeyfo | چەکۆ و حەیفۆ | |

سەرنج :ـ

لەبەر ئەوەی هیچ ووشەیەکی کوردیم شك نەبرد کە دوا تیپی بە ( i ) یان بە ( u ) تەواو ببێ دیارە بۆیە وێنەمان پیشان نەدا بۆیان . خو ئەگەر هاتوو بوو ، یان لە زمانێکی بێگانەوە ووشەیەکی واهاتە کوردیەوە ئەوا وەك ئەوانەی سەرەوە ئەنووسرێ واتا ( w ) ئەخرێتە بەیني ( پێوە بەستراو ) و ( بەستراو ) ەوە .

( ٢ ) ئەگەردوا تیپی ووشەی ( پێ وە بەستراو ) بێ دەنگ بو لەکاتی ( بەستنا ) تیپی ( û ) دا ئەنرێ لە بەینی ( پێوە بەستراو )و ( بەستراو ) دا :ـ

وەك :

| | |
|---|---|
| (b) kitêb û defter | کتێب ودەفتەر |
| (r) hawar û bang | هاوار وبانگ |
| (f) kef û kul̈ | کەف وکوڵ |
| (r) têr û tesel | تێرو تەسەل |
| (r) tar û po | تارو پۆ |
| (n) bejin û bal̈a | بەژنو باڵا |
| (n) min û to | منو تۆ |

مەشق — ٥ —

ئەم جوملانەی خوارەوە بە تیپی لاتینی بنووسە :ـ

(١) هەر بژی راستیو برایەتی . (٢) باو ئاو بۆ ژیان پێویستن .
(٣) قەڵەمەکەو قاقەزەکە هەڵگرە . (٤) جێیو رێی تۆ دیار نیە .

Herbjyî rastî w brayetî

(٥) فوو له چرا که مه که . (٦) خه‌رمانه‌که کۆو نزیکه . (٧) چاوو
لووتم پڕ بووه‌وه له خۆڵ . (٨) لووس و باریك گه‌ڕرامه‌وه . (٩)
لووت و بزووت قاله‌م دی. (١٠) ره‌گ و ریشه‌ی دره‌خته‌که‌ی ده‌رهێنا.

## MEŞQ -5-

1-her bijî rastî w birayetî. 2- ba w aw bo jiyan pêwîstin 3- qeļemeke w qaqezeke heļgire. 4- cê w rêy to diyar nîye. 5- fû le çirake meke. 6- xermaneke ko w nizîke. 6- çaw û lûtim piř bûwewe le xoļ. 8- lûs û barîk geřamewe. 9- lût û bizût qalem dî. 10- reg û rîşey dirextekey derhêna.

## مه‌شق — ٦ —

ئه‌م جومله لاتینیانه‌ی خواره‌وه به تیپی عه‌ره‌بی بنووسه : —

1- dar heļbiře, segî diz diyare. 2- bo bore piyaw xot bide be kuşt, eļê be derdî xuwa mird. 3- bê nawî çaktire le bed nawî. 4- şarî kerkûk le şare xoşekanî kurdewarîye. 5- ax, xozge hemû şitêkman be kurdî exuwênd.

## مه‌شق — ٦ —

(١) دار هه‌ڵبڕه ، سه‌گی دز دیاره . (٢) بۆ بۆره پیاو خۆت بده
به کوشت ، ئه‌ڵێ به ده‌ردی خوا مرد . (٣) بێ ناوی چاکتره
له به‌د ناوی . (٤) شاری که‌رکوك له شاره خۆشه‌کانی کورده‌واریه .
(٥) ئاخ ، خۆزگه هه‌موو شتێکمان به کوردی ئه‌خوێند .

## مەشق — ٧ —

ئەم جوملانەی خوارەوە بە تیپی لاتینی بنووسە : ــ

(١) رۆژێك بە مل بەرزی ؛ نەك سەد ساڵ بە مل حیزی . (٢) دوژمنی خۆت بە شەكراو بخنكێنە . (٣) وەك چرایە سێبەری بۆ خۆی و تیشكی بۆ بێگانە . (٤) واتە تا نەیبێژی نەی وێژی . (٥) دار كرمی لە خۆی نەبێ هەزار ساڵ ئەژی .

## MEŞQ -7-

1- rojêk be mil berzî; nek sed saĺ be mil ĥizî. 2- dujminî xot be şekraw bixinkêne. 3- wek çiraye sêberî bo xoy û tîşkî bo bêgane. 4- wate ta ney bêjî ney wêjî. 5- dar kirimî le xoy ne bê hezar saĺ ejî.

## مەشق — ٨ —

ئەم هەڵبەستانەی خوارەوە بە تیپی لاتینی بنووسە : ــ

(أ) مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەكەی تانەكەی زیان !
لە زرڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ
پێ وەند بۆ لەشە نەوەك بۆ گیان
(أ . أ)

(ب) كورد ئەمەن كوردن بەسەد شەیتان لە كوردی ناكەون
ئیكە خەڵقی بۆچی بۆ خۆی دەردی سەر پەیدا ئەكا !
( حاجی مستەفا پاشا )

(ج) لەکوردی حەز نەکا کوردێ مەڵێن بۆچی وەیا چۆنە
لەدایکی پرسیارێ کەن کە ئەو بێچووەی لەکوێ هێنا
( حاجی قادری کۆیی )

**MEŞQ -8-**

(A) mejî bo mirdin bimire bo jiyan
Çon qazanc ekey ta nekey zîyan!
le zirey zincîr diḻit ne lerzê
pêwend bo leşe newek bo giyan
(A. A.)

(B) kurd emen kurdin be sed şeytan le kurdî na kewin
îke xeḻqî boçî bo xoy derdîser peyda eka !
( Ḧacî Mistefa Paşa )

(C) le kurdî ḧez neka kurdê, meḻên boçî weya çone
le daykî pirsiyarê ken ke ew bêçuwey le kuwê hêna
(Ḧacî Qadirî Koyî)

## مەشق — ٩ —

ئەم هەڵبەستەی خوارەوە بەتیپی لاتینی بنووسە : ـ

— کوردم —

بەدەر بەدەری یان لە ماڵی خۆم
لەخاکی عەرەب ، لە ئێرانو رۆم
کۆڵکو پۆشتەبم ، رووتو رەجاڵ بم
کۆشکم دەقات بێ وویرانە ماڵ بم
دانیشم لەسەر تەختی خونکاری
یان لە کۆڵانان بکەم هەژاری
لە ئازادی دا شادان وخەندان
یان زنجیر لەمل لەسووچی زیندان
بەهەرزەکاری لەسەر گوێسوانان
یان بە بیماری لە نەخۆشخانان
کوردمو لە رێی کوردو کوردستان
سەر لەپێ ناوم گیان لەسەر دەستان
بەکوردی دەژیم ، بە کوردی دەمرم
بەکوردی ئەیدەم وەرامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبەوە
لەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە

## MEŞQ -9-

Kurdim —

"Hejar"

Be derbederî yan le malî xom;
le xakî Ereb, le Êran û Rom
kok û poşte bim, rût û recaî bim;
koşkim de qat bê u wêrane maî bim
danîşim le ser textî xunkarî;
yan le koîanan bikem hejarî
le azadîda şadan û xendan
yan zincîr le mil le sûçî zîndan
be herzekarî le ser guwêswanan;
yan be bîmarî le nexoşxanan
kurdim û le rêy kurd û kurditsan;
ser le pênawin giyan le ser destan
be kurdî dejîm, be kurdî demirim;
be kurdî eydem weramî qebirim
be kurdî dîsan zindû debimewe;
lew dinyaş bo kurd têheîdeçimewe

* * * *

## مەشق — ١٠ —

ئەم نامەیەی خوارەوە بکە بەتیپی لاتینی : ـ

هەولێر

١ ی جۆخینان ساڵی ٢٥٦٩ ی کوردی
٢١ ی حوزەیران ساڵی ١٩٥٧ ی فەرەنگی

هاوڕێی خۆشەویست کاك دلێر :

هەموو کاتێکتان باش :

بەپەرۆشەوە ، بە تاسەو ئارەزوویەکی زۆر بەجۆشەوە هەواڵتان ئەپرسم ، بەڕاستی کاکەگیان دەمێکە پەشۆکاوی نەگەیشتنی نامە شیرینە غەم رەوێنەکانتم . هیوام وایە هۆی خستنە پشت گوێی بەمل خۆشیاکەوتن بێ .

برا گیان :

ئەوا پێیان نایە هاوینەوە ، وشەپۆلی گەرما بەجارێك هەموو لایەکی گرتەوە ، بێ گومان ئێوەش دمێکە لەهاوینە هەوارەکانی کوردستان بێ بەشن بەهۆی دووریتانەوە لەووڵات . لەبەر ئەوە زۆرم حەز ئەکرد لەم هاوینەدا سەرێکتان لێ بدایەنایەوە تا پێکەوە لە هاوینەگا دڵ فرێنەکانی شەقلاوەوحاجی هۆمەراندا چەند ساتێکی پڕ لەخۆشی وکامەرانیمان ببردایە سەر . وا لەگەڵ ئەم نامەیەش چەند چاپکراوێکی

تازەی کوردیم بۆ ناردیت بۆ ئەوەی لەو غەریبیەدا سەبووری خۆتانی پێ بدەنەوە .

نامەوێ نامەکەم زۆر درێژ بکەمەوە چونکە ئەزانم ئیشت زۆرە وە وەختت کەم ، بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم ڕۆژ بە پەنجە ئەژمێرم هەتا بەبینینتان شاد ئەبەوە . . . ئیتر هەر بژیت بۆ هاوڕێی دڵسۆزت کاکە گیان :

دڵسۆزی ڕاستیت
ئازاد سەیدۆك

# MEŞQ -10-

Hewlêr

1 i Coxînan saḷî (2569) î kurdî
21 î Ḧuzeyran saḷî (1957) î feřengî

Hawřêy xoşewîst kak Dilêr :
Hemû katêktan Baş :

Be peroşewe, be tase w arezûyekî zor be coşewe-heẉaltan epirsim; be rastî kake giyan demêke peşokawî negeyiştinî name şîrîne x̌em rewenekantim. Hîwam waye hoy xistine pişt guwêy be mil xoşiya kewtin bê.

Bira giyan:

Ewa peman naye hawînewe, w şepolî germa becarêk hemû layekî girtewe, bê guman êweş demêke le hawîne hewarekanî kurdistan bê beşin be hoy dûrîtanewe le wuḷat. le ber ewe zorim ḧez ekird lem hawîneda serêktan lê bidaynayewe ta pêkewe le hawînga diḷ řiřênekanî Şeqḷawe w Ḧacî-Homeranda çend satêkî piř le xoşî w kameranîman bibirdaye ser. Wa le geḷ em nameyeşda çend çapkirawêkî kurdîm bo nardît bo ewey lew x̌erîbîyeda sebûrî xotanî pê bidenewe.

Namewê namekem zor dirêj bikemewe, çunke ezanim îşit zore w wextit kem, Beḷam her ewende eḷêm roj be pence ejmêrim heta be bînîntan şad ebimewe .... îtir her bijît bo hawřêy diḷsozit kake giyan.

Diḷsozî rastît
Azad Seydok

خوێندەواری خۆشەویست :

پشت بەخوا ولەپاش ماندوو بوونێکی زۆر توانیم ئەم ئامیلکەیەش پێشکەش بە هاو زمانە خۆشەویستەکانم بکەم . سەرەرای ئەوەی هەندێك لەوانەی کە کوردایەتیان کردووە بەهۆیەك بۆ بازرگانی پێوە کردن و لەمیری نزیك کەوتنەوە ، واتا لەوانەی کە ( بێ کەس )ی رەحمەتی ناوی لێ نابوون ( برسی کوردی ) ، لەتاو خۆ پەرستی ولەترسی پاراستنی دەسکەوتی پیسیان بە هەموو هێزێکیانەوە بە رەنگاری دەرچوونی ئەم کتێبۆڵکەیە بوون و چیان لەوزەدا بوو بۆ بەر هەڵست کردنی درێغیان نەفەرموو . بەڵام هەر چەندیان کردو کۆشا بەئامانجی خۆیان نەگەیشتن و گومانیشم نیە هەتا هەن پێی ناگەن چونکە ئەو دەمە رۆی کەنەتەوەی کورد بەقسەی زل و پف هەڵدراوی ئەوان کەسانە بخلەتێ کەماستاو بۆ دوژمنەکانمان سارد ئەکەنەوە .

ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە ئەو تیپانەی کە ایرەدا بەکار هێنانیان پێویست بوو لە هیچ چاپخانەیەکی بەغدادا دەست نەکەوتن لەبەر ئەوە بەناچاری لەچاپخانەی ( مەعارف ) لەچاپم داو ئەرکی تەواو کردن وراست کردنەوەی چەوتیەکانیم خستە سەرشانی خۆم بەجۆرێك کتێب بــە کتێب گرتم بە دەستەوە ولە سەرەوە تا خوارەوە هەڵەکانیم چاك کرد . هیوادارم کەبرا کوردەکانم چاو لەناهەواوی وکەموکورتی چاپەکەی ئەپۆشن ولێیان ئەبوورن . ئیتر پەنا بەخوا وبەهێزی راپەریوی نەتەوەی کورد .

( نووسەر )

( تەواو بوو )

Zincîrey
Nûsînî Kurdî Nuwê
Û jiyandinewey Mîratî Netewayetîman
-2-

# NÛSÎNÎ KURDÎ
# be latînî

Be hoy em Namîlkeyewe be
maweykî kem fêrî
Nûsînî Zimanekey
xot ebît be tîpî
Latînî

Nirxî (100) Filse

*Çapxaney Mearif Bexda*
2569 K - 1957 F